## لەناونیشانی بابەتەكانمانەوە دیارە، پێویست بەفەزڵ فرۆشی ناكات. ... عومەرمحەمەد



لەسەرەتاوە پێمخۆشە ئەوە بەخوێنەری خۆشەویست بڵێم بەشەرمێكی زۆرەوە وەڵامی ئەوبرایە دەدەمەوە چونكە هەمیشە خۆم لەو كەسانە پاراستووە كە وەك ئەوكاك (جەمال) ە توانای دیالۆگی فكری و سیاسیان نیەو زۆر زوو توشی بن بەست دەبن و دواجار پەنا دەبەنە بەر جنێودان و قسەی سووك، بۆیە من لەم وەڵامە زیاتر هیچی تر لەبارەی ئەم بەرێزەوە ناڵێم و ئامادەنیم گوی لەهیچ جنێوێكیشی بگرم چونكە هەمیشە بەتایبەتی لە قسەوباسی سیاسی و رۆشنبیریدا لەبەرانبەرقسەی ناشایستە و دەستەواژەی كۆنەپەرستانەدا بێدەنگیم هەڵبژاردووە، هەروەك لەناونیشانی هەردوو بابەتەكانیشمانەوە دیارە كی جنێوفرۆشە و كی سەرلێشێواوە، حوكمدان لەسەر ئاستی رۆشنبیری و توانای دیالۆگ و دۆڕاوو براوە مەسەلەیەكە لای خوێنەرە، مەبەستی ئەم وەڵامەشم ئەوەندەی داوای لێبوردنە لە خوێنەر و لەوبرایەشی كەخۆی بەنوسەر دەزانی و نازانی دیالۆگ بكات، لەو پێشمەرگە كۆنەی قوربانی داوەو داكۆكی لە كۆنە جاش دەكات، ئەوەندە وەڵامدانەوەنیە لەسەر ڕیتمی حیكایەتی میشەكە؟ ئاخرناكرێت من بڵێم نێرەو ئەو بڵێت بیدۆشە و بەمەنتقی بشفڕی هەربزنە ناگەینە هیچ ئەنجامێك، كەسێك كە بە چنگ و نینۆك تێدەكۆشی ناوی بێتە ناوناوانەوە جابەچاك بێت یان خراپ ناكرێت درێژە بەحیكایەت بدەیت لەگەڵیدا، هەرلێرەشەوە دەمەوێت سوپاسی ئەوبەرێزە بكەم كە بەكاڵفام ناوی بردووم نەك بە تاوانبارێكی كۆنە بەعسی، هەمیشە ئەوكەسانەی جوان بیرناكەنەوە نازانن ووشەش لەشوینی خۆی و بەجوانی بەكاربێنن، بەعسیەكانیش هەروایاندەكرد، چونكە ژیاندۆست نەبوون و خراپ بیریان دەكردەوە ئەوەی بەعسی نەبوایە بەخائینیان دەزانی ئەوەی مل كەچ نەبوایە بە كاڵفام و شتی تریان ناودەبرد، كەچی بۆبەد بەختی ئەوان پێچەوانەكەی ڕاستە، هەمیشە مرۆڤی مل كەچ لەرووی عەقڵییەوە پێنەگەیشتووترە لەومرۆڤانەی گیانی خۆبەدەستەوەدانیان تێدانییە، ئەو كە بەمن دەڵێت كاڵفام هەڵگری هەمان كەلتورەكۆنەكەی دیوەخانە كاتێك بۆسووكایەتی پێكردن بەوگەنجانەیان دەگووت: (سەر ڕووت) كە كڵاووجامەدانی لەسەرناكەن، بەڵام من بەپێچەوانەی تێفكرینی ئەوانەوە، ئەووشەیە بەسووكایەتی ناونابەم (هەرچەندە مەبەستی سووكایەتی پێكردنیشمە) چونكە كاڵفامەكان دەشێت مرۆڤ بن و مرۆڤی زۆرجوان و باشیش بن، وەلی تاوانبارنین، منداڵان كە پاكژترین جۆری مرۆڤن دەشێت بەكاڵفام ناویان بەرین وەلی رووزەردی بەدەم مێژووی نەتەوەكەیان و مرۆڤایەتی نین، بەهەرحاڵ دەبێت ئەمرۆبێت یا سبەی ئەو بەرێزە لەوە حاڵی بێت مەرج نییە ئەوەی وەك ئەو بیری نەكردەوە دۆڕاوو تاوانبارو (كاڵفام) و.. هتد بێت، رەنگە ئەو شانازی بەوەوە بكات كەپێیبڵێن كەڵە پیاویان شێرە كوڕ، بەڵام من ئەمە بەسوكایەتی دەزانم و لەكەس قبوڵ ناكەم دەستەواژەیەكی وا نامرۆڤانەم بخاتە پاڵ، بەنوسینیش رەخنەم لەو كەلتورە ناشیرینەی كورد هەیە كە جەنگاوەرەكانی رۆژی تەنگانەی خۆی بە (شێر و پڵنگ و كەڵ) و ئەم

جانەوەرانە ناو زەد دەكات و تاوانبارانیش بە گوناهترین ئاژەڵ (جاش) ناودەبات، ئەمە جنێو نییە، ئەمە تێفكرینی خۆمە بۆژیان و دنیا، بەپێچەوەانەوە ئەوە سووكایەتیكردنێكی ئاشكرایە لەلایەن كوردەوە بە قارەمانەكانی خۆی!! ئاخر كەڵە نوسەر واتای چی؟ نوسەر مرۆڤە ئەگەر كەڵ بێت چۆن توانای داهێنانی هەیە؟ كەڵ ئاژەڵێكە لەو گیاندارانەی توانای داهێنانیان نییە! با بازانین ئەم بەرێزە چەندەی لە باردایە واخەڵكی بەم یان بەو شێوەیە تۆمەتبار دەكات و ناووناتۆرە لەخەڵكی دەنێت؟ پێمخۆشە بڵێم ئەوەمن نیم هێنراومەتە قسە بەڵكو ئەوحوكمە دەقاودەق بەسەرخۆیدا ساغ دەبێتەوە، ئەوە خۆیەتی هێنراوەتە قسە، بەڵی هێنراوەتە قسە چونكە ئەوە ئەو نییە داكۆكی لە پارتی دیموكرات و كوردایەتی دەكات، بەڵكو ئەوە ڕەخنەكانی ئێمەن پارتی و هەرهێزێكی ترلەكوردستان لەخەوشەكانیان ئاگادار دەكەنەوە، من دڵنیام ئەو بۆناوو بۆئیمتیازێكی شەخێی دەنوسی و بەرژەوەندی تایبەتی لەم قسانەیدا هەیە و مەرجیش نیە ئەوانەی ئەمرۆ تەنها بەقسە داكۆكی لەحزبێك یان دەسەڵاتێك دەكەن بەرژەوەندی نەتەوەومیللەتیان بووێت، من پێشتریش هەرئەمەم پێ ووتووە نەم ووتووە تۆجاشیت؟ ووتوومە عەیبە پێشمەرگەبوویت و ئیستا دیفاع لەئەنفالچی و جاش بكەیت!! چونكە زۆرن ئەوانەی دوێنی حسابی پول و گوللەیان دەكرد و شاخەكانیان بەقۆنتەرات دەگرت و لە شەری ناوخۆشدا هەروایانكرد، زۆرن ئەوانەیحسابی پول و ووشە دەكەن، كەم نین ئەوانەی مامەڵەی پڕكردنەوەی لاپەڕە دەكەن لە رۆژنامە حزبیەكاندا، كەمیش نین ئەو جاش قەڵەمانەی دوێنی بەشان و باڵی سەرۆكی عروبەیاندا هەڵدەگووت و كیسەیان بۆموكافئە هەڵدورییبوو، ئەمرۆش هەمان كاردەكەن و خەریكی هەمان زووڕنا ژەنین لە دەسەڵاتی كوردیدا، بەراست ئەوانە داكۆكی لەحزب دەكەن؟ یان مشەخۆرن؟ بۆیە پێویست ناكات نە ئەوبەرێزەونەهیچ كەس و نەهیچ نووسەرێكی دەرباریش نان و پیازمان پێوە بخوات، ئێمە دروشمی رووخانی حكومەتی كوردیمان هەڵنەگرتووە، بەپێچەوانەوە حكومەتی كوردی ئەگەر دیموكراسیەتی بووێت دەبێت ئۆپزسیونێكی بنیات نەری لە هەزاران نوسەری دەربارو دەروێشی گرگن پێباشتر بێت، خۆئەگەر دیموكراسیەتیشی نەوێت حاڵمان لەئێستا باشتر نابێت، چونكە ئەوە ڕەخنەكانن دەمان رووخێنن و سەرلەنوی دروستمان دەكەنەوە، ئەگەر بنیاتنانەوەمان بوێت، ئەوە شێخە دواكەوتووەكان و دەروێشەكانن وێرانمان دەكەن و ئاوڕمان لێنادەنەوە، ئەوە نوسەرە دەربارەكانن لەشەردا ئاگر خۆش دەكەن و لەئاشتیدا زووڕنا دەژەنن، كورد بەم رەفتارانە پێش ناكەوی! من داوا لەو بەرێزە ناكەم بۆم بسەلمێنی چۆن و بەچ شێوەیەك من هێنراومەتە قسە چونكەكورد ووتەنی: (لە دزوایە هەموو كەس دزە) خۆی ووتەنی لەكیسەڵ وایە لەهەموو كەس خێراترە، هەرچەندە من ئەو برادەرە بەنوسەر نازانم بەڵام هەربۆ ئەوەی ڕێز لە قەڵەمی مرۆڤێكیش بگرم وەك ئەوەی پێویستە مامەڵەی لەگەڵ دەكەم و هەرگیز بەو زمانە ناشایستەیەی ئەو قسەناكەم، ئەگەر ئەو قسانەی لە ماڵپەڕیكدانەكردایەو لە چاخانەیەك یان لەدیوەخانێكدا بوایە هەرگیز وەڵامم نەدەدایەوە، ئاخر برائەگەر تۆ نوسەربویتایە هەڵبەتە دەبوایە خوێندەوارێكی باشیش بیت، دڵنیام خوێندەواری باشیش خاوەنی زمانێكی باش و دەربڕینێكی جوانە، دەبوایە بزانێت ساڵێكە ساڵنامەی (ئەنفالستان) لەماڵپەڕی (چاك) و لە ماڵپەڕی كوردستان نێت یش بڵاوكراوەتەوە و ئەوساڵنامەیەش بە ماندووبوونی خۆم و لەسەرگیرفانی خۆم دەردەچی و ستراتیژیشی لە هێڵی فكری (چاك) ەوە نزیكە و تەواو پێچەوانەی مەزاجی ئەوكەسانەیە هاوسۆز و هاوحزب و هاوسەروەت و سامانی ئەنفالچییەكانن جا باپێشمەرگەی كۆنیش بووبن. ئیدی پێم ناڵێی

بۆچی (چاك) منیان هێناوەتە قسە؟ نەخێر من ئەندامی (چاك) م و ئەوناوەش ناوی راستە قینەی خۆمە و شانازیش بەنەتەوە کەمەوە دەکەم کەئەمرۆ کور و کچەکانی کورد رێکخراوی وا ( (چاك) ) یان بەرهەمهێناوە، دڵنیام ئەگەر پۆست و پلە و مەقامی ئەنفالچییەکان مایەی شەرمەزاری بن بۆکورد، ئەوا بوونی دەیان نوسەری باش و تێکۆشەری رۆشنبیر و رێکخراوێکی وەك و (ناوەندی هەڵەبجە) مایەی شانازین بۆی، ئەوانەشی چەپەکان بەگشتی و رێکخراوی (چاك) بە دۆڕاو دەزانن، دڵنیام لەمەفهومی دۆڕاووبراوەشدا تەقەی سەرییان دێت، ئەگەر براوە وەك بەرێزت بێت کەبەهەمان زمانی ئەنفالچییەکان مامەڵە لەگەڵ جیاوازی بکەیت هەرگیز ئەو جۆرە براوەیە بەپولێك ناکرم، ئاخر ئەوە ڕەخنەیەکی گەورەیە لەدەسەڵاتی کوردی کە کارێکی وای نەکردووە کەتۆی کۆنە پێشمەرگەو قوربانی دەر لەگەڵ ئەنفالچیەك و کۆنەبەعسیەك بەزمان و گفت و لفتاندا بناسینەوە کەکی جاش بووەوکی باش!! ئەوەی مایەی رەخنەیە لەدەسەڵاتی کوردی ئەوەیە ڕیکخراوێکی وەك و (چاك) یان چەند پەناهەندەیەك گەورەترین تاوانباری جینۆساید لەسەرحسابی خۆیان لەمەنفادەدەن بەدادگا، کەچی دەزگا و ناوەندەکانی حزب و حکومەتەکانیان پڕ پڕن لە تاوانبارانی جینۆ ساید!! جاش و پێشمەرگەیان واتێکەڵ بەیەك کردووە تاڵەموویەك لەنیوانتاندا نەماوەتەوە، بگرە ئیوە ئیستاش قوربانی دەستی کۆنە بەعسیەکانن، نوسەرێك هەست بەم راستیەنەکات چۆن نوسەرێکە؟ بەڵام ئەی کەهەستی پێدەکات و خۆی لێگێل دەکات؟! ناوی چی لەخۆی دەنێت؟ من بەپێویستی نازانم فەزڵ فرۆشی بەسەر میللەتەکەمەوە بکەم و خۆم هەڵکێشم من چیم کردووە لە رابووردوداو خێزانەکەم چییان بەسەرهاتووەوچەند شەقی بەعس و چەند شەقی شەری ناوخۆو.. هتدمان بەرکەوتووە، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە لەرابووردودا کی بووم و ئێستا کێم، گرنگ ئەوەیە کەئێستا وەك دوێنی لەدژی گەندەڵی و نایەکسانی و ناحەقی ئامادەم.. بەڵی هەم و خۆشم لە قەوارەی خۆم گەورەتر پیشان نادەم، بەڵام هەربۆئەوەی ڕووی راستەقینەی دەسەڵاتی کوردیش وەك نمونەی دیموکراتی پیشان بدەم بەراشکاوی دەیڵێم باوکی من شەهیدەوشەهیدی سەنگەریشە، بەڵام هەتا ئەمرۆش کە ئەم چەند قسەیەی تیدا دەکەم نەك موچە و زەوی بەڵکو یەك پول چیە لە حکومەتی کوردی وەرمان نەگرتووە، کەچی ئەو دەسەڵاتە دیموکراسییەی پیاوە نادیموکراسییەکان بەرێوەی دەبەن دەیان و بگرە سەدان جاش و کۆنە بەعسیەیان لەدەزگاکانی شەهیدان ناونووس کردووەو هەموو ئیتیازێکیشیان بۆدابین کردوون وەك ئەوەی بۆ گیانبازێکی راستەقینەی ئازدییان کردبێت؟! ئەمە ئەو دەسەڵاتەیەکە کە نوسەری دەربار خەڵکی ئازادیخوازی لەسەر تۆمەتبار دەکات و ناووناتۆرەی نەك نادیموکراسیانە بەڵکو کۆنەپەرستانەشیان بۆ دادەتاشی، من ئەگەر هاتم و وەك بەرێزتان داکۆکیم لە ئەنفالچییەکان کرد پێش هەموو کەس سووکایەتیم بەخۆم کردووە ئینجا بە باوکی شەهیدم و دواجار بەشەهیدانی وڵاتەکەم، ئەگەر کەسێك شەرم لەم ناعەدالەتیانە نەکات؟ دڵنیام شەرم لەوەش ناکات تۆمەت بخاتە پاڵ خەڵکانی تر. ئەگەر کەسێك خۆی خۆش نەوێت داوای ئەوەی لێناکەم بەچاوی خۆشەویستیەوە تەماشام بکات و بەخۆشەویستیەوە قسەم لەگەڵدابکات، بەڵام دڵنیابە خۆم خۆش دەوی و بەناوی خۆمەوە نوسیمەو تۆشم وەك ئینسانێك خۆش دەوێت، بەڵام رەخنەم لە زمانی دەربرینتەو رقم لەهەڵوێستتە بەو حاڵەشەوە وەك مرۆڤێك تۆش و هەموو مرۆڤێکم خۆش دەوێت کەبۆمرۆڤایەتی تێدەکۆشی، لەو قسانەشت دەبورم چونکە دڵنیام لێبووردن ژیان جوانتر دەکات، داوای لێبوردنیشت لێناکەم چونکە هەڵەم بەرانبەرت نەکردووە، هەموو هەڵەی من

ئەوەیە بەفکر داکۆکیم لەو ڕێکخراوەکردووە کە خۆم هەڵمبژاردووە، ڕێکخراوی چاك ڕێکخراوێك خاڵی لە کۆنە بەعسی. ئەگەر کەسێك ژیاندۆست بێت خاڵی بوون لە کۆنە بەعسی و ڕەفتاری بەعسیانە بەکەم ناگرێت، جیاوازیش لەنێوان من و ئەوبەرێزەدا جیاوازی پەروەردەو بیرکردنەوەو ڕەفتارکردنە، جیاوازی زمانی دەربڕینە مەسەلەکە نەجیاوازی حزبایەتییەونەمەسەلەیەکی فکریش، ئەوەی ئەویشی تەنگە تاوکردووە کێشەی دکتۆر کەمال سەید قادرە بەڵام ئەو ئەگەر خوێندەوار بوایە دەبوو بزانێت من تا ئێستا یەك ووشەم لەسەر دکتۆر کەمال نەنوسیوە ڕاستە (ناوەندی هەڵەبجە) هەوڵیان داوە دکتۆر کەمال ئازاد بێت هەڵبەت منیش خوازیارم ئازاد بێت، بەڵام هەر بۆئەوەی باشتر راستیدەرکەوی من نە لەگەڵ دکتۆر کەمال هاوسۆزم و نەبرواشم بەو ئسلوبی ئاخاوتنەی هەیە، بەڵام هەرکەسەوخۆشی بەرپرسە لە دەربرین و شێوەی نوسینی خۆی، من کەهەتا ئەمرۆ تەنها قسەیەکم لەبارەی گرتنەکەی و نوسینەکانیشیەوە نەکردووە، بەهیوام دادگای هەولێر بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەوبەرێزەشدا بکات کە ئەوپەری مافی مرۆڤی تێدا ڕەچاوبکرێت و لەکوێشدادکتۆر کەمال مافیمرۆڤی پێشێل کردووە سزای خۆی وەرگری، دەنا نەدەیناسم و نە هیچ نزیکایەتیەك لەنیوان من و دکتۆردانیەو تا ڕاستی مەسەلەکەشم بۆ روون نەبێتەوە ئامادەنیم لەبارەیەوە تەنها یەك ووشەی تر بڵێم، بەڵام کەراستیەکانیشم بۆدەرکەوتن و پێویستی بە قسەی من کردئەوسا قسەی خۆم دەکەم و هیچ هێزێکیش نیە من لێی بترسم، بەڵام بۆلەمەولا ئەوبرادەرە هەقە بەچاوێکی کراووەوە تەماشای مەسەلەکان بکات، نەك بەتەعسوبێکی حزبییەوە، چونکە توولە ریگاکانی تەعەسوب دواجار دەچنەوە سەرمەنزلگا وێرانکەرەکانی فاشیەت و تیرۆر، ئەومەنزڵگایەی هیچ بەهایەکی بۆمرۆڤ تێدا نادۆزیتەوە، دووبارەی دەکەمەوە هیچ کێشییەکی فکری و سیاسی و حزبیم لەگەڵ ئەودانیە و خۆشم بەدوژمنی کورد نازانم بەپێچەوانەوە کورد و مرۆڤم مرۆڤیش زیان بەنەتەوەکانی ترناگەیەنی چ جای بەنەتەوەکەی خۆی؟! بەراوردیش هەرلە ناونیشانی بابەتەکانمانەوە دیارەوخۆی لەخۆیدا سەنگی مەحەکە، ئێستاش هەر ئەوە دوبارەدەکەمەوە (ئەگەر چاکتان پێناکری خراپیش لەسەر (چاك) قسەمەکەن، ئەمە ناونیشانی بابەتکەی منە و ئەویش بەو (لەفزە) قسەی کردووەکەپێی (موعجب) ە و لە ئێوەش شاراوە نیە.